# سێوێکی سووری ناو کرمۆڵ

کولسووم عوسمانپوور

ڕەنگە بۆ دۆزینەوەی سەرگوزەشتی زانایان و ڕووناکبیران باشترین ڕێگا ئەوەبێت کە ڕوو لە ئاوێنەی مێژوو بکەین و بزانین ئەم زانستە تەماوییە چیمان پیشاندەدات و، مێژوونووسەکان چ دادگەرییەکیان لەسەر کەسایەتی ناودارەکان بووە؟ برێ جاریش لە لا بەلای شیعری شاعیرانمان و دەلاقەی ڕەوایەتییەکانیانەوە وێنەیەکمان پیشان دەدرێت، منیش بۆ دۆزینەوەی ناونیشانی ماهشەرەف خانم ناوێک ئاوارەی نو کتێبە مێژووییەکان و سەرگوزەشت و دیوانی شاعیران بووم، ئەم سەرگوزەشتە هی کەی بێت، چۆناوچۆن بێت؟ مێژووی نێرینەی کەمبیر و هۆشمان چی بنوێنێ؟ خوا ئەزانێت هەر ئەوەندە بزانین کە مەستوورە لە سەردەمانێک ژیاوە کە خوێندن بۆ پیاوان کارێکی ئەستەم بووە، چ بگا بەژنان کە دایمە نیشانەی تیری گومانن.

مامۆستا هەژار لە پێشەکی کتێبی مێژووی ئەردەڵاندا ئەفەرموویێت: «نیوچەرخ لەمەوبەر لە کوردستانەکەی خۆمان بەکوردێکی ڕەمەکیمان بگوتبایە: «کیژی کورد لە وزەیدا هەیە خوێندەواربێت و سەرەڕای خوێندەوارییەکەش بتوانێ کتێب بنووسێ و شیعری باش بهۆنێتەوە بێ گومان گاڵتەی بەئاوەزمان دەکردو سەریشی دەلەقاند و دەیگوت: ژن و خوێندن؟! ژن و کتێب نووسینەوە؟! ژن و شیعر هۆنینەوە؟! حەی حەی، بەخوا بابە باشە. ئیتر هەر ئەمەمان کەمە، وادیارە ئاخر زەمانە» بەڵێ لە

سەردەمانێکی ئاوەها نەهامەتیدا خاتوونێک ئەوەندە بڕوای بەخۆی و قەڵەمەکەی هەیە کە نەتەنیا لە هۆنینەوەی شیعرو پەخشاندا، لە نووسینی شەریعەت و مێژوویشدا بەزمانی فارسی و کوردی خۆی بەخاوەنی هەڵوێست دەزانێ.

ئەم باوەڕبەخۆبوونە ئاکامی خوێندنێکی بەردەوام و عەشقێکی فراوان و دەسەڵات بەسەر زانستدایە، ئاکامی ژیانی ژنێکە کە بیرو ئەندێشە و خوێندن و نووسین لە هەموو شتێک بەلایەوە گرنگترە. مەستوورە خانم کە بەجۆرێک قوربانیی دەستی گەردوونە، تەنانەت مێردکردنیشی مەعامەلەیەکی سیاسی نێوان دوو پیاوە، پیاوێک بەناوی ئەبولحەسەن بەگی - باوک - و پیاوێک بەناوی خەسرەو خانی ئەردەڵانی - مێرد -.

**مەستوورە لە سەردەمی ژیانی خۆیدا بەشاعیرێکی پایەبەرزو نووسەرێکی هەڵکەوتوو ناسراوە، لە دیوانێکی شیعریدا بەڕەنگی وشە تابلۆیەکی لێکشراوە**

ئاوەها کە هاوسەرێتی مەستوورە نەوەکو مرۆڤێکی سەربەخۆ دەبێتە بیانووی ئاشتی نێوان دوو خانەدان. مەستوورەی خاوەن قەڵەم ئەبێتە خاتوونی بورجێکی چەند هاوسەری کە تا ئاخرین ڕۆژەکانی ژیانی کتێبخانەو دەفتەرو قەڵەم تێکەڵ بە عەشقێکی تاهەتایی تەنیا پەناگای تۆخژن و ئارامیشی بوون، نە کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی، نە کۆستی ئازیزان و، نە پەلاماری تانەو تەشەرو توندوتیژی دژ بەژنی کۆمەڵگای پیاوسالار، هیچ کاتێک نەیتوانی مەستوورە لە عەشقی نووسین دوور بخاتەوە.

مەستوورە لە سەردەمی ژیانی خۆیدا بەشاعیرێکی پایەبەرزو نووسەرێکی هەڵکەوتوو ناسراوە، لە دیوانێکی شیعریدا بەڕەنگی وشە تابلۆیەکی لێکشراوە، کە لەگەڵ هەموو دیمەنەکانی دیکەی مەستوورەدا جیاوازی هەیە، دەرهێنەرێکی بەناوبانگ بەدووربینی خەیاڵ و تەکنیکی مەجازو ئیستعارەو شوبهاندن و جیناس و ئیهام، فیلمێک لە مەستوورە دروستدەکات، کە کارئەکتەرەکانی دوو کەسن، لە ئەنجامدا دەرهێنەری فیلمەکە بەپیشان دانی دەسەڵاتی شیعری و ئەفراندنی جۆرە شیعرێکی جیاواز تەکنیکی خودئاگا نەکەوێتە خزمەتی ناخود ئاگای شاعیرێکەوە کە بەشێک لە ئارەزووە شاردراوەکانی نەدرکێنیت، مەلا خدری فەقێ لە ئاخروئۆخری فیلمەکەدا بەهاوردنی دوو بەینی تۆبەو پەشیمانی لەپردی موجازاتی ئاسمان و زەوی نەپەڕێتەوەو هەموو شتێک بە خێر و خۆشی تەواو دەبێت.

قەسیدە هەجوویەکەی نالی بۆ مەستوورە خانم سێوێکی بەرواڵەت سوورو ناو کرمۆڵە. سوور بۆ ئەهلی ئەدەب کە بەهەزار دیمەنی جوان و وشەی مۆسیقایی و جوانکاری ئەدەبی ڕازاوەتەوە. کرمۆل بۆ مەستوورە خانم کە بەتاوانی ژنبوون تیرێکیان بۆ «باڵەخانەکەی بورجی شەرەف»ی خستووە، تەنیا بەبۆنەی ئەوەوە کە «سەرتۆغرای دەفتەری مەحبوبان»ی دەور بووە.

ئەگەر قەبووڵکەین کە ئەم شیعرە هەجووە، ئەبێ ئەمەش قەبووڵ بکەین کە هەجوو هیچ مەبەستێکی خۆشبینانەو موسبەتی تێدا نییە، خوالێخۆشبوو مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە شەرحی دیوانەکەی نالیدا ئەفەرمووێ: «مەبەستی هەجوو و زەمکردنی خەڵکم لە دیوانەکەی نالیدا بەدی نەکردووە، لە سێ غەزەل و قەسیدەدا نەبێ. یەکێکیان لەگەڵ میرزا سەفای شیرازیەتی، یەکێکی دیکەیان دژی وشکە سوفییەکەو، سێهەمیان قەسیدە درێژەکەیەتی کە بەشێوەی پرسیارو وەڵام بەمەستوورە خانمی

ئەردەڵانیدا وتووە، هەروەها ئەفەرمووێت، «شیعری وا لە لایەن خوێندنەوارییەکی مزگەوتەوە پتر لە دوو سەد ساڵ بەر لە ئەمڕۆ لە شارێکی لە رادەبەدەر دابونەریت راگرو سەرپۆش لەسەری وەک سنەداو بەرامبەر بەمیرەکچێک نیشانەی چاو نەترسان و بزێوی و جەسارەتێکی بێ سنوورە لە ناڵییەوە، بۆیە بەڕای ئێمە ئەبێ لەم رووەوە بەچاوی رێزگرتن و قەدرزانینەوە سەیری بکرێ و وا دابنرێ شتێکی نوێ و گرانبەهای خستووەتە سەر گەنجینەی ئەدەبی کوردی.»

بەڕاستی داهێنان لە شیعرو ئەدەبدا نرخی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام بۆ ئەم جەسارەت و بزێوییە ئەبێ بەرانبەر بەمەستوورە بێ؟! نازانم ئاخۆ بۆ ئەوە نەبووە کە مامۆستا ناڵی ویستوویەتی ئەم جۆرە شیعرەشی بەهۆیی ناوداری مەستوورەوە هەرگیز گوم نەبێت؟ ئایا شیعرەکەی میرزا سەفای شیرازی و شیعری ئەو وشکە سۆفییە، ئەوەندە شیعرەکەی مەستوورە خانم بەناوبانگە؟ ئاخۆ بۆ ئەوە نەبووبێت کە پاژنەی ئاشیلی هەر ژنێک لە کۆمەڵگای عەشیرەتیی و رۆژهەڵاتی خاوەن ئاییندا هەر ئەوەیە کە ئەو شاعیرمانتیری و بزێوی و جەسارەتی خۆی رەوانەی ئەوە کردووە!؟

دواپرسیار، ئایا مەستوورە خانم خۆی بەشێک لە گەنجینەی ئەدەبی کوردی نییە؟ ئەم گرانبەهایەتییە چیە کە کەوتووەتە سەرشانی ئەم بەشە لە ئەدەبمان؟

شیکردنەوەی هۆکاری نووسینی هەجوویێکی بەم شێوەیە لە لایەن شاعیرێکی ناودارەوە بۆ ژنە شاعیرێکی دیکە هەم بەڵگە مەحکەمە پەسەندی دەوێت، هەم مارە و دەرفەتێکی فراوان، بەڵام لەم مەجالە کورتەدا تەنیا سەرپۆشی چەند ئەگەرو گومانمان بۆ لانەدرێت.

**سەرەتا:** سێبەری کۆمەڵگای پیاوسالار بەسەر ئەندێشە و هونەردا:

مەستوورەی خاوەن فەساحەت و بەلاغەت لە شیعرو پەخشاندا بەزمانی فارسی و کوردی لە سەردەمی ژیانی خۆیدا بانگەوازی گەیشتووەتە هەموو لایەک. ژیان لە ئەمارەتێکی خاوەن دەسەڵاتدا ئەوەندەی دیکە شانوشکۆی داوەتە پلەوپایەی مەستوورە خانم، رەنگە هەر ئەمە بووبێتە مایەی غەیبەتە و حەسادەتی هاوقەتارانی، بەتایبەت لە کۆمەڵگای ئەو سەردەمەدا کە پیاوان پانتایی زانست و نووسینیان بەموڵکی تایبەتی خۆیان زانیوە و، ناوداریی ژنێک لەم بوارەدا تاوانێکی نەبەخشراوە.

ناڵی بەم قەسیدەیە رایگەیاندووە کە مەستوورە لە بەرانبەری مندا - منی پایەبەرزی بێ دەسەڵاتدا- تەنیا ژنێکە، ژنێک بەهەموو تایبەتمەندییە ژنانەکانییەوە کە ئەو تایبەتیانە ئەوەندە بەرچاون کە لایەنەکانی دیکەی مەستوورە نابینم، مامۆستا ناڵی لە قەسیدەیەکدا بەرەدیفی «کچ» ئاماژەدەکات، کە ژنان بۆ خەڵوەت و بەستان باشن و کوڕیش زینەتی دەبستانە.

**کوڕ زینی دەبۆستانە، کچ شەمعی شەبۆستانە**
**بۆ بەزمی تەماشا کوڕ، بۆ خەڵوەتی تەنها کچ**

ئەگەرچی ئەم قەسیدەیە ئاماژە بەبابەتێکی دیکە دەکات، بەڵام بەجۆرێک روانگەی ناڵی پیشاندەدات کە جێگای کچان شەبستانەو کوڕان لایەقی فێرگەو دەبستانن. ئێستا کە مەستوورە ناوێک ئوستادی دەبستانە، ئەم جیسارەتە نەبەخشراوەو ئەبێ بە جەسارەتێکی پیاوانە پەلاماری لێ بدرێت.

مەستوورە یەکەم قوربانی کۆمەڵگای پیاوسالار نییە، بەڵام یەکەم قوربانی مێژووی ئەدەبی ژنانە کە مێژوو لەبیری ماوەو لەبیریشی ناچێتەوە. کەمتر پیاوی کوردە کە

**مەستوورە یەکەم قوربانی کۆمەڵگای پیاوسالار نییە، بەڵام یەکەم قوربانی مێژووی ئەدەبی ژنانە**

دیوانەکەی نالی خوێندبێت و بزەی رەزامەندی شاراوەی ژێر سمێڵی ئاشکرا نەکردبێت و، بۆ بەرزی شیعری نالی ئافەرینی نەگوتبێ؟ چونکە ئەو مەستوورە کە لەم قەسیدەیەدا ئەبینرێت مەستوورەی شاعیر نییەو مەستوورەی ژنە.

ئاخۆ چەندەها ژنی خاوەن زەوق و بەتوانا و مەستوورەئاسا کە ئارەزوومەندی دنیای زانین و نووسین بوون لە ترسی وێناکردنی هەجوو هەزلەکانی نالییەکان پاشەکشەیان کردووە. بەتایبەت لە دنیای شیعرو هەڵبەستدا کە هەست و عاتیفەی مرۆڤ ئاشکرادەبێت. ئەڵبەت ئەم گریمانە گومانێک دوور لە مەنتیق نییە.

**لە ئەدەبییاتی عیرفانیدا جوانیی رواڵەتی ژن نیماد و نیشانەی مەعشووقی حەقیقییە، زولف و خەت و خاڵ و چاوو برۆ هەموویان نیشانەیەکن بۆ ناسینی پەروەردگار**

لە کاتێکدا کە زانایانی ئێمە بەم جۆرە دووربین دەخەنە سەر ژنانی ناودارو لایەق و لێهاتوو، ئەبێ خەڵکی ئاسایی چۆنبن؟

**دووهەم:** بەڵگە دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتداری پیاوە ئایینییەکان لە کۆمەڵگای رۆژهەڵاتیدا.

لە کۆمەڵگای ئایینیدا پیاوە ئایینییەکان زۆرتر لە هەموو چین و توێژەکانی دیکە بۆ دەستتێوەردانی هەموو بوارەکانی ژیان خۆیان بەخاوەن ماف دەزانن. نالی پیاوێکی ئایینییە و زۆربەی ساڵ و رۆژەکانی تەمەنی لە حوجرە و مزگەوتدا بووە، ئەڵبەت ئەم قسە بەو مانا نییە کە هەموو پیاوە ئایینییەکان بیروبۆچوونیان وەکو نالی بووە، یان شەریعەت ئەو ئیجازەیە بەوان داوە کە پەردەی عەورەتی ژنان لابدەن، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە کلتووری حوجرەیی و لادێیی کوردەواری کاریگەرێتی بووە لەسەر ئەم جیسارەتەی نالی لەم قەسیدەیەدا.

ژیانی سەختی نالی لە حوجرەی تەنگ وتاریکدا، کە هاوکات مەجبوور بووە وانەی ناهەمواری زەیدو عەمر لەبەربکات و ئەمرو نەهی سەختگیرانەی شەرع بباتە رێوە، لە هەموویان سەختتر راتبەی فەقیەتی رۆحی کوردی نالی کاولکردووە. نالی کە خۆی بە پێغەمبەری شیعر دەزانێت - بەڕاستیش هەر وایە - هەموو جۆرە سەختڵەتێکی لە ژیاندا کێشاوە، جا لەبەرانبەری ئەم ژیانە سەختەدا مەستوورەی نازداری شاعیر کە لە پلەوپایەی شاعیریشدا ناگاتە لای ئەوە وەکو شازادەیەکی خاوەن دەسەڵات دەژێت و فیکرو خەیاڵی نالی داگیردەکات. هەرچەند دەکات سەبووری بۆ نایەت، ئاخرین رێگا ئەوە دەزانێت کە باڵەخانەی شکۆ و شانازی برووخێنێ. نالی لە حوجرەکاندا فێری گەپ و گاڵتە بووە. جا ئەم دیالۆگە حوجرەتییە ئەگەر لە لایەن شاعیرێکی بەتوانا وەکو نالییەوە بێت، ئەبێتە پارادۆکسێکی عەجیب وەکو ئەم قەسیدەیە کە بەوشەی فیقهی بەرانبەر بەشەرع وەستاوە، لەوانەیە ئەم بابەتە بەلای نالییەوە وەکو پاڕانەوە لە دەرگانەی خودا بووبێت کە ئەندامی جنسی خۆی بەدەستی دوعا تەشبیهدەکات و پەردەی عەورەتی ژنان لادەدات... ئیبن عەربی ئیدیعادەکات جوانی پەروەردگار لە جوانی ژندا ئەبینرێ، هەروەها لە (تذکرە الاولیا) هاتووە ئەبو سان مالک کوڕی ئیسماعیل لە ئیسرائیل لە لەیس لە موجاهید دەگێڕێتەوە: هەر پیاوێکی بەهەشتی بەقەدەر هەشتا پیاو توانایی پیاوەتی جینسی پێ نەدرێت. کەوابوو توانایی پیاوەتی و باسکردن لەسەر توانایی پیاوەتی بەخەلاتێک لە لایەن پەروەردگارەوە دەزانن و رەوا دەبینن و مافی خۆیان دەزانن لە هەرحاڵداو بەهەرشێوەیەک پێیان خۆشە قسەی لەسەر

بکەن. لە کۆمەڵگای کوردەواریشدا شادی بۆ خەتەنەسووران خۆی نیشانەیەکە بۆ ئەم خاڵە کە ئەم شادمانی و شوکرانە بژێرییە بۆ ئەندامی جینسی نێرینەیە. ئەم جۆرە شادمانییە نەتەنیا بۆ مێیینە نییە هەموو ئەندامی مێیینە عەیبوعارە.

دەگەڕێمەوە بۆ جوانی رواڵەتی ژنان لەڕوانگەی ئایینەوە.

لە ئەدەبییاتی عیرفانیدا جوانیی رواڵەتی ژن نیماد و نیشانەی مەعشووقی حەقیقییە زولف و خەت و خاڵ و چاوو برۆ هەموویان نیشانەیەکن بۆ ناسینی پەروەردگار. رەمزێکن بۆ خودا کە مەشعووقی ئاسمانییە، ناڵی کە ئاشنای هەموو رەمزە عیرفانییەکانە، هیچ ئاماژەیەک ناکا بۆ جوانی رواڵەتی مەستوورە. بەم کارە زۆر زیرەکانە رێگای هەموو گومانەکانی لەم بوارەدا بەستووە کە ئەم قەسیدە هیچ مەبەستێکی عاریفانەی تێدانییە، ئەو بابەتە کە لەسەری زومی کردووەو پێدادەگرێ مەسئەلەیەکی جنسیەتییەو بەس و، شیکردنەوەی ئەم عوقدە کاری دەروونناسەکانەو ئەوان باشتر دەزانن کە (خارق العادە) پیشاندانی ئەندامی جنسی و ئیدعاکردن لە بەهێزبوونی مەسائلی جنسی و دووپاتکردنەوەی ئەم چەمکە لە چەند جێگەی دیوانەکەیدا نیشانەی چ گیروگرفتێکی جسمی و رۆحی و دەروونییە.

ناڵی لەوێ کە باسی ئەندامی جنسی دەکات هێمایەک دەکات بۆ باکرەبوونی مەستوورە. زۆربەی ئەوانە کە باسیانکردووە لەسەر ئەم قەسیدە وایان لێکداوەتەوە کە لەوانەیە «لەو کاتەیدا کە ناڵی ئەم قەسیدەیەی وتووە مەستوورە خانم کچ بووبێت، بەڵام ریشەی ئەم جۆرە روانینە لە فەرهەنگی رۆژهەڵاتیی ئێمەدایە. پیاوی رۆژهەڵاتیی بۆ باکرەبوونی ژن نرخێکی تایبەت دادەنێ. سیمۆن دویوار لە کتێبی «جنس دوم»دا ئەڵێت: لە خەونەکانی پیاو ئەمەیە کە ژنێک وا دیاری بکات کە تاهەتایە هی خۆی بێت و بەس، لەوەو پێشیش هی کەسێکی دیکە نەبووبێت» ، هەر ئەم خەونە لە خەوەکەی مامۆستا قانعیشدا خۆی نیشاندەدات. ئەو خاتوونە کە قانع بەشەیتان ناوی دەبات و بەسەرچاوەی گوناه دەناسرێت باکیرەیە و لە بەیتی شانزەی شیعرەکەیدا بەهاوردنی «دڕی پەردەی گوڵبخی سوور» ئەمە ئاشکرا دەبێت. کەوابوو چیرۆک و حەکایەت دروستکردن بۆ ئەم قەسیدەیە کە گوایا مەستوورە لەو سەردەمەدا کچ بووە ناڵی ژنی نەبووەو فەقێیەکی لاوبووە هیچ شتێک ناسەلمێنێ.

کەم نین ئەو کەسانە کە ئەوەندە خۆشبینانە بۆ ئەم قەسیدە دەڕوانن کە پێیان وایە ئەم قەسیدە عەشق و خۆشەویستی ناڵی بەمەستوورە خانم پیشاندەدات، بەڵام لە تەواوی ئەم قەسیدەیەدا هیچ هەستێکی ناسکی عاشقانەو ئەوینێکی ئەفلاتوونی و خۆشەویستییەک بەشێوەی عەشقەکەی حەبیبە نابینرێت، دڵتەسکی و سۆزی دەروونی ناڵی بۆ خۆشەویستەکەی خۆی نانوێنێت. تەنیا نیگارکێشێک دەبینرێت کە بەهەزار رەنگ و دیمەنی دڵڕفێن شوێن ئارەزووی ناخودئاگای وجوودی کەوتووە. بەڕاستی ئەگەر مەبەستی ناڵی خۆشەویستی بوایە، چۆن قەسیدەیەکی ئاوای بۆ حەبیبە نەدەگوت؟!

مامۆستا ناڵی مرۆڤێکە بەهەموو حەز و تاسە خەونەکانی مرۆڤێکی زەوینییەوە هەر بەم بۆنەوە لەسەر ئەو باوەڕەین کە ئارەزووکردنی جیسمانیەتی ژن، کە ناپەسەندە و نەکوفرەو نەنارەوایە، بەڵام ئەم قەسیدەیە شتێک جیاوازتر لە ئارەزووی جیسمانیەتی ژنە.

ناڵی بەهاوردنی ٢٧ بەیت لە زمانی مەستوورەوە سەبارەت بەلەشی خۆی حەکایەتی هەڵخەڵەتاندنی ئادەممان وەبیر دەخاتەوە. ئەگەر «ناڵی ئادەم»ی ئێمە لە پازدە بەیتدا لە ئەندامی جنسی خۆی قسە دەکات و هەزلێک دەڵێت کە «عاری شوعەوا»یە بە هۆی ئەوەیە کە پێشتر لە ٢٧ بەیتدا لە لایەن «مەستوورەی حەوا»وە وەسوەسە کراوە ئەگینا ناڵی پێی خۆش نییە «سەفحەی لەوح و کیتاب» بەم خەون و خەیاڵانە رووڕەشبێت.

ناڵی لەم خەوەدا تەسلیمی مەستوورەیە، ئەگەر مەستوورە خاوەنی ئیکسیرێکی گرانبەهایە بۆ فەریب و وەسوەسەی عاقڵێک هاتووە. ناڵی کە خۆی بەم عاقڵە

دەناسێنێت ئەگەرچی لە پازدە بەیتدا ئەکەوێتە داوی وەسوەسە و شەهوەتی خۆی، بەڵام بەسەربەرزییەوە ڕێگەی ڕاستەقینەی پیاوانەی خۆی نەدۆزێتەوە. ئەوە بەچاک دەزانێت کە خەو و خەیاڵی «ئەسراری هودا» بێت و ئەکەوێتە شوێن «بادی هەوا». ناڵی لەم خەوەدا دان نانێت بەسەر نیازی جنسی خۆیدا و زۆرتر ئەیخاتە ئەستۆی وەسوەسەکانی مەستوورە خانم. شێوەی باسکردنی ئەندامی جنسی مەستوورە لەم شیعرەدا بەشێوەی «لوغەز»یان نەوعە مەتەڵێکی ئەدەبییە کە بیرکردنەوەی زۆر پێویستە. جا هەرچی ئەم موعەمایە پێچراوەتر بێت، حەلکردنیشی سەختترەو شانازی زانای مەسئلەکە زۆرتر دەبێت کە ئەم شانازیشە لە بواری زانستدا نەسیبی ناڵی دەبێت.

ئەڵبەت لە کۆمەڵگایەکدا کە ڕۆحی دژایەتیکردن لەگەڵ ژنان و هەروەها توندوتیژی لەگەڵ ژن زاڵە بەسەر زمان و ئوستوورەو فەرهەنگدا، ئەدەبی پیاوسالارانەی فارس و عەرەب سێبەری خستووەتە سەر هەموو گیانی زانست و زانایانمان، ئێمە چاوەڕوانی ئەوە نین مامۆستایەک ئیعجاز بکات و حورمەتێک بۆ ژنان دانێ کە شیاوی ژنانە.

ئەندێشەی پیاوسالاری لەم قەسیدەیەدا بەئاشکرایی دیارە. کاتێک کە مەستوورە ئەڵێت:

**هی تۆم ئەگەرم مەسئەلە حەلکەی بەجەوابێ**

مەستوورە خۆی ئەنێتە گرەو بۆ ئەوەی مەسئەلەی جنسیەتی چارەسەر بکرێت. ئەڵێت:

**من ملکی تۆم، موتەعەلق بەتۆم.**

ئەم دێڕە مەسئەلەی مالکبوونی پیاو وەبیردەخاتەوە کە لەڕوانگەی بڕێ لە پیاوە ئاییینییەکان ژن وەکو موڵکێکە، موڵکی پیاوە، ئەتوانێت هەرکەسێک بێت و چارەنووسی بەدەستی پیاوە، لێرە مەستوورە ئازادی و سەربەخۆی خۆی دەسپێرێتە دەستی پیاوێک. بەندەو کۆیلەی دەستی پیاوێکە، لە بەرامبەر مەرجێکدا، بەجۆرە چارەنووسی خۆی داوەتە دەستی ناڵی، بەداخەوە ئێمە ناوداران و گەورەپیاوانی ئەدەب و زانستمان لەسەر گەورەترین لوتکەی کەماڵ دەبینین و لەهەر نەوعە ڕەخنە و کەموکوڕییێک بەدووریان دەزانین. لە حاڵێکدا کە ئایین و فەرهەنگ ئەو باوەڕەی ڕاگەیاندووە کە خیلقەت لە پیاوەوە دەستپێدەکات هێمۆگلۆبینی خوێنی پیاوان تێکەڵ بەغرووڕێکی پیاوانەیە. گوفتار و دەقێکی ئاوەها زۆر غەریب نییە.

ئێستا کە باسی ڕەخنە کرا، ئاماژەیەک بەکتێبە بەنرخەکەی بەڕێز «ڕێبوار سیوەیلی» دەکەم بەناوی «کتێبی ناڵی» بەرهەمێکی ڕەخنەیی و تەفسیرێکی نوێیەو سەرچاوەیەکی بەنرخە کە دەتوانێت بەشێک لە وجوودی حەقیقی ناڵی ئاشکرا بکات. بەڕێز ڕێبوار سیوەیلی هەوڵێکی زانستی باشی داوە پەنجەرەیەکی تازە بەرەو دنیای ناڵی بکاتەوە. شیکردنەوەی هەجویەکەی مەستوورە خانمیش بەشێک لەم کتێبەیە. ڕێبوار سیوەیلی ئەوەندە شیفتە و شەیدای عەزەمەتی ناڵییە کە لە شەرحی قەسیدەکەی مەستوورەدا زۆرجار لایەنگرانە دەڕوانێتە بابەتەکان. لە لاپەڕەی ١٠٢-١٠٣ دەڵێ:

(جاری بەر لە هەموو شتێک ئەگەر تەماشای یەکەم دێڕی قەسیدەکە بکەین، دەبینین شاعیر کەسایەتی مەستوورەمان زۆر بەڕێزەوە پێدەناسێنێ و دەڵێت: مەستوورە کە بەئافرەتێکی جوان و ئەدیبی دادەنێن، ئەمشەو بەنازەو هاتە خەوم. بەم جۆرە شاعیر لە سەرەتاوە بەپاڵەوانی خەونەکەی خۆی هەڵدەڵێ، کاتێکیش مەستوورە دێتەگۆ، ئەویش دەستەوامی ئەو ڕێزگرتنەی ناڵی دەداتەوە و بە «شاریحی مەسئەلەی بیکر» ناو دەبات).

بەڕای من بێ قەدرکردنی باری زانستی مەستوورە هەر لە یەکەم دێڕی قەسیدەکەدا بەئاشکرایی دیارە، بەرلەوەی کە ئەم بابەتە شی بکەمەوە، پێویستە بڵێم دانان هەر کەلیسەیەک لە شیعری ناڵیدا ئەوەندە بەوردبینییەوە پێوانەکراوە کە ئەگەر کەسێک بیەوێت وشەیەک جێبەجێ بکات، لە یەکەم هەنگاودا کیش و مات دەبێت.

**مەستوورە کە حەسناو ئەدیبە بەحیسابێ**
**هاتە خەوم ئەمشەو بە چ نازێک و عیتابێ**

هاوردنی وشەی بەحیسابێ کە بێ حیساب نەهاتووە، ئەم راستیە نەدرکێنێ کە ناڵی ئەدیببوونی مەستوورە تەئید ناکات. وشەی بەحیسابێ کردوویە کارێ بەتەواوی شێوە زمانی دێرەکە، یان باشتر بڵێم لەحنی دێرەکە بگۆڕدرێ و زۆرتر پاڵ بداتە لا تەحقیرو سووکایەتییەوە ئەو مانایە دەگەیەنێ کە خۆی باوەڕی بەئەدیببوونی مەستوورە نییەو گوایە لە زمانی خەڵکی بیستووە. لە یەکەم دێڕی قەسیدەکەدا هێمایەکی سەرسەری دەکرێت بۆ ئەدیببوونی مەستوورە، بەڵام کەشوهەوای شیعرەکە ئەوەندە جیاوازو سەرەنجراکێشەو لە دێڕی یەکەم کە دووردەبێتەوە بەتەواوی ئەدیببوونی مەستوورە فەرامۆش دەبێت.

لەنیو بەیتی دووەمدا دوو وشەی نازو عیتاب کە بۆ چۆنیەتی ئەنجامی فیعلی «هاتن» هاتووە، مەسئەلەی نازو جیلوەگەری ژنانە پڕرەنگدەکاتەوە. عیتاب لە تەکمیلی وشەی نازەوە جۆرێک خۆپیشاندانێکی زۆرتری عیشوەگەرانەیە . بەم جۆرەیە ناڵی زەینی موخاتەب ئامادەدەکا و بۆ مەبەستەکەی خۆی بۆ ئەو ئیهامە کە لە بەیتەکانی ۲-۳-٤-٥دا باسی دەکات. مەستوورە بەنازو عیتابەوە باسی عوقدەکەی دەکات. بەرلەوەی عوقدەکە بدرکێ مەستوورە، ناڵی بەزانایەکی گەورە دەناسێت. ئیمان و باوەڕی مەستوورە بەپایەبەرزی ناڵی ئاشکرادەبێت. نیشادەدات مەستوورە لەسەر زانایی ناڵی (علم الیقین)ی هەیە. هەر بەم بۆنەوە خوێنەر بەتەمایە کە عوقدەکەی مەستوورە خانم مەسەلەیەکی زانستی و بەرزبێت، بەڵام کاتێک کە عوقدەکە ئەدرکێت و مەسئەلەکەی مەستوورە سەد و هەشتا دەرەجە لە فیکرو زانایی دووردەبێتەوە، ئەبێتە نیازێکی جنسی، راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ تەوهین و سووکایەتی بەمەستوورە دەکرێت. هەر لە سەرەتای قەسیدەکەوە ناڵی نادرەوی دەورانە، شاریحێکی خاوەن نبووغە. هۆشمەندە، موهرەگوشایە، نوکتەزانێکی حەکیمە زانایی مەستوورەش وا لەپشت پەردەی گومانەوە، بەڵام ناڵی تا ئاخری قەسیدەکە شاعیرێکی زانایە کە بێجگە هونەری بەکارهێنانی زاراوگەلی زانستی عیرفانی و ئەدەبی خۆی بەخاوەنی توانایەکی پیاوانە دەناسێنێت کە دەتوانێت بۆ مەستوورە خانمیش عوقدەگوشایی بکات.

ئەگەرچی لە سەرەتاوە هەتا ئاخری ئەم وتارە ئەم شیعرەی ناڵیم لەبەرچاو بووە کە ئەفەرموویت.

**لە جگەرگۆشەیی شیعرم مەدە مەعنایی خراپ**
**بێ خەتا کەس نییە رازی کە لە ئەولادی درێ.**

بەڵام هەر گومانێکی موسبەت و خۆشبینانە بۆ وتنی ئەم قەسیدەیە کە سووی مەستوورەخانمی تێدابێت، ناتوانێت مەنتیقی و پەسەندبێت، بێجگە ئەوە کە سەدان گومانی واقیعبینانەی تێدایە، کە مەبەستی ناڵی لەم قەسیدەیە موسبەت نەبووە.

ئەگەرچی لەسەر ئەم باوەڕەم کە ناڵی یەکێک لە راستوێژترین پیاوانی سەردەمی خۆی بووە. نیفاق و دووڕوویی و ترسنۆکی لەزانیدا نەبووە، بەڵام لە هەرحاڵدا شیعری ناڵی «ناوی گەڵووگیرە».

**راستی جەوهەرییە تێغی زوبانی ناڵی**
**نەرم و توند ئاوی گەڵوگیرە قسەی پێ دەبڕێ.**

**سەرچاوەکان**


١- مێژووی ئەردەڵان، لێکدانەوەو وەرگێڕانی مامۆستا هەژار، انتشارات تازەنگاه چاپ ۱۳۸۱ .

۲- دیوانی ناڵی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتحی عەبدولکەریم، انتشاراتی کوردستان، ۱۳۷۹ .

۳- کتێبی ناڵی، ڕێبوار سیوەیلی، هەولێر، دەزگای چاپی موکریانی ۲۰۰۱ .

٤- جنس دوم، سیمون دوبوار، ترجمە قاسم صنعوی، انتشارات توس.

٥- سیمای زن در فرهنگ ایران، جلال ستاری، چاپ دوم، نشر مرکز، ۱۳۷٥ .

٦- دیوانی مەستوورەی ئەردەڵان، محمد سدیق بۆرەکەیی.